# دەستوری

# ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشی کوردستانی عیراق

## بەشیوەی دوایی

کە لە کوبوونەوەی چوارەمی ئەنجومەندا
لە ٢٣ / أیلولی / ١٩٦٨ پەسند کراوە

## بەناوی خواو بە ناوی گەلی کورد

# دەستوری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی کوردستانی عیراق

عیراق پێك دێت لە دوو نەتەوەی بنچینەیی (رئیسی) کە بریتین لە نەتەوەی عەرەبو نەتەوەی کورد لەگەل کەمایەتیەکاني تورکمانوئاسوریوئەرمەنیو کەمایەتیەکاني تر کە لەمانە هەموویان یەکیەتی قەوارەی عیراقی (وحدة الكيان لعراقي) پێك دێت. ئینجا بو ئەوەی بناغەیەکی پتەودابنێین بۆئەوقەوارەیە وە بۆ پەرەپێدانو بەهێز کردنی برایەتیویەکیەتي ئیختیاری لە نیوان هەردوو گەلی عەرەبوکورد وەپاش بەراورد کردنی رابووردووي حۆمان وگەلان پێویستە کە عیراق کۆمارێکی دیموکراتی بێتو دوور لە هەموجورە چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیي وئاینی وەدان بنێت بە مافەرەواکانی گەلی کورد لە سەر ئەساسی حوکمی ئوتونومی بۆ کوردستانی عیراق. ئەو حوکمە ئوتونومیەش پێویستە لەسەر ئەو ئەساسە بیت کەگەلەکەمان مومارەسەی مافی خوی بکات بەسەر بەستی لە رووي ئیداریوپاراستنی هیمني ناوخۆ (الامن الداخلي) وزانیاریو کیشانی نەخشەی ئابوریهەرێمی (التخطيط الاقتصادي الاقليمي). وە بەشداربونی نەتەوەیی لەبەریوەبردنی کاروباري دەزگاکانی تری عیراق.

دەزگاکانی ئەو حوکمە ئۆتۆنۆمی‌یە دەستەبەری جێ بەجێ کردنی بریارەکانی حکومەتی‌مەرکەزی دەبیت لەرووی بەرگری نیشتمانیەوە (الدفاع الوطنی) وکاروباری‌دەرەوەودارایی‌عیراق(الامور الخارجیه والمالیة) لەگەل نەخشەکێشانی ناوەندی (التخطیط المرکزي) وەبەرامبەربەوەش پێویستەلەسەرحکومەتی‌مرکزی‌یارمەتی مادی‌وئەدەبی دەزگاکەمان بدات بونەهیشتنی‌هویەکانی دواکەوتنی گەلي کوردوبەرز کردنەوەی ئاستی نەتەوایەتی‌وسازکردنی هەموو پێویستیەك بو پیشکەوتنی گەلی عیراق بەگشتي. شورشی گەلي کورد لە کوردستانی عیراقدا لە ئەنجامی چەوساندنەوەی نەتەوەیی (الاضطهادالقومي) لەلایەن‌حکومەتی مەرکەزیەوە هەلگیرساوە بو بەرگری کردن لەبوونی (دفاعاعن‌وجودە) وە پاراستنی مافی نەنەایەتی خۆی، واتە سوپای شورشگیری کوردستان قەلغاني پاراستنی ئەو بونەیە کە لە هەموو کاتێکدا هەرەشەی لەناوبردنی لێ دەکرێ .

لە گەل ئەوەشدا ئەو سوپایە مل کەچە بو هەموریێك کەوتنێك کەلە نێوان سەرکردایەتی گەلی کورد وحکومەتی مەرکەزیدا دەکرێن هەروەها پێویستە ئەوەش بزانرێت کە مەبەستمان لە دروست کردنی سوپای شورشگیری کوردستان دامەزراندني دوو دەزگای سەربەخۆ نیە لە عیراقدا یان کوردستان‌لە عیراق جوێ بکەینەوە بەلکو روژگاری رابوردو هەر لەبەر چاومانە چون حکومەتی مەرکەزی هەر کاتێك بوی هەلسورابی هیرشی بی‌بەختانەیان هیناوەتە سەر گەلەکەمان وەهەرئەوەش بوەبەهۆی دروست بوني سوپای شورشگیری کوردستان بۆ پاراستني بەرژەوەندی‌هاونیشتمانیەکانمان‌لەو شوێنانەی کەمیری دەزگا ئیداریەکانی خۆی لێ کێشاوەتەوە . هەر لەم رووەو بەم هویەوە



پێوستە ئەوەش بزانرێت کەهەریەك بوونیك یان یەکیەتی یەك (الاتحادأوالوجدة) لەنیوان دەولەتی عیراق‌وهەر دەولەتێکی عەرەبدا بکرێت پێویستە بە ئاگاداری گەلی کورد بێت‌ولەو بارەیەوە رەئی وەربگیرێت چونکە پێویستە گەلی کوردیش وەك گەلی عەرەب لەو دەولەتە تازەیەدا پەرەبسێنیت‌وپیشبکەویتەوە بەپیچەوانەی ئەوە گەلی کورد ناچار دەبێت کە رێگا بدوزیتەوە بۆ پاراستنی سەربەستی وبەختیاری‌وپیشکەوتنی خۆی .

گەلی کوردمان کە خەبات دەکا بووە دەست هێنانی مافەرەواکانی خۆی بێ گومان پالپشتە بو ئەو کەمایەتیە نەتەوەیی وئاینیانە کەنیشتەجێی کوردستانی عیراقن وەبوبەدی هیناني ئەو راستیە ئەم دەستورە دان ئەنێ بەوەدا کەئەو کەمایەتیە نەتەوەیی وئاینیانە بۆیان هەیەمومارەسەی‌مافی‌ثقافی‌وئیداری‌و دیموکراتي خۆیان بکەن وەك هەموو روەکاني گەلی کورد .

بروامان بەراستی‌ودادپەروەرانەی ئەو ئامانجە پیروزانەی کە باسمان کرد وە لەبەر رووناکی داوارەواکانی شورشی گەلي کورد کەلە١١/ئەیلولی/سالی ١٩٦١داهەلگیرساوە بەپێویستمان زانی ئێمە ئەندامانی‌ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی‌شورشی کوردستانی عیراق ئەو ئەنجومەنەی کەلە ناو جەرگەی گەلی کوردەوە هەلقولاوە بوئەوەی‌سەرکردایەتی‌شورش بگریتە ئەستوی‌خۆی وەیاساو پەیرەو دابنێت بۆ رێکخستنی وبەریوەبردنی کاروباری هەریمی کوردستانی‌عیراق‌لەبارەی سیاسی‌وسوپایی‌ودادپەروەری‌وئابوری‌و ئیداری‌و روەکانی ترەوە ، ئیمە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لە روژی ٦/تشرینی یەکەم / ١٩٦٤ لە (بوسکین) پشت بەخوا ئەم دەستورەی خوارەوەمان داناوئیمزامان کرد ...

## ماده (١): ـ

ئەم ئەنجومەنە ناونرا بەئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشي کوردستاني عیراق .

## ماده (٢) : ـ

ئەنجومەن بەرزترین دەزگایە لەشورشدا .

## ماده (٣) : ـ

ئەنجومەن پێك دێت لە : ـ

١ـ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢ـ فەرماندەی هێزەکانی سوپای شورشگیری کوردستان .
٣ـ نوێنەری برا عیساییەکان (المسیحین) .
٤ـ نوینەري بەشەکانی تری گەل کورد .

هەروەها بۆ گەورە پیاوانو نوێنەرانی پارتیو نەتەوەکانی تری عیراق ، بویان هەیە ببن بەئەندام لەم ئەنجومەنەدا ئەگەر بە کردەوە بەشداربن لەهەلسوراندنی کاروباری شورشدا بووەدی هینانی ئامانجەکانی پاش پەسند کردنی ئەنجومەن .

## ماده (٤) :ـ

ئەنجومەن نەخشەي سیاسەتی گشتی شورش دەکێشێتو ئامانجەکانی دیار دەکاتوئەویاساو پەیرەوانەش دادەنیت کە پەیوەندی هەیە بەکارو باری سوپاییوئابوریوداد پەروەریو ئیداریوزانیاریوتەندروستیەوە لەکوردستانی عیراقدا .

## ماده (٥) :ـ

سەرۆکي ئەنجومەن لەلایەن ئەنجومەنەوە هەل دەبژێررێت



بەزۆربەی زۆری دەنگ (بأکثریەمطلقة)وە ئەویش سەرکردەی گشتی شورشە (القائد العام للثورة) ،

## ماده (٦) :ـ

١ـ ئەنجومەن مەکتەبێکي تنفیذی ێك دێنیت لە نێوان ئەندامانی خۆیدا بەدەنگ دانی نهێنی کەبریتیە لە نو (٩) ئەندام جگە لە سەروك .
٢ـ ئەندامی مەکتەبی تەنفیذی پێویستە خوی تەرخان بکات بۆهەلسوراندنو بەرێوەبردنی کاروباری مەکتەب .
٣ـ مەکتەبي تەنفیذی لەناوخۆیدا سکرتیرێك هەل دەبژیرێت بەزوربەی زوری دەنگەوە ئەو سکرتیرە سەرپەرشتی هەموو کاروباری مەکتەب دەکات .

## ماده (٧) : ـ

١ـ کۆبونەوەی ئەنجومەن سالی جارێك دەبێت بەلام بۆی هەیە کۆبونەوەی تایبەتی بکات لەسەر داوای سەروك یان بەشي زوری ئەنداماني ئەنجومەن (أکثرية اعضاء المجلس) .
٢ـ بەئامادە بوونی زوربەی زوری ئەندامانی ئەنجومەن کوبونەوە دروست دەبێت (یحصل النصاب) .
٣ـ هەرکاتێك زروفێکی نالەبار هاتە پێشەوەو ئەنجومەن نەیتوانی کوبیبیتەوە مەکتەبی تەنفیذی دەسەلاتەکانی ئەنجومەن بەکار دەهێنێت بۆ ماوەیەك کەلە شەشمانگ تێ نەپەریت .

## ماده (٨) : ـ

هەرنەخشەوپرو گرامێك ئەنجومەن دای نابێت مەکتەبی تەنفیذی

٢ـ زیاد کردنو کەم کردنی ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیذی پاش پەسند کردني لەلایەن $\frac{٢}{٣}$ی ئەندامانیەوە

٣ـ زیاد کردنو کەم کردنی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پاش پەسند کردنی $\frac{٢}{٣}$ي ئەندامانی .

## مادد (١١) :ـ

سەروك جگە لەو دەسەلاتانەي کەلە بەندەکانی تردا دیار کراوە ئەم دەسەلاتانەي خوارەوەیشی هەیە : ـ

١ـ سەروکایەتی کوبونەوەکانی ئەنجومەنومەکتەبی تەنفیذي.

٢ـ دانان ولابردنی نوینەرانی شورشوکاربەدەستانی سوپای شورشگیري کوردستان پاش راوێژ کردن لەگەل مەکتەبي تەنفیذی .

٣ـ پەسند کردنی یاساو پەیرەوو بریارەکانی ئەنجومەنو مەکتەبي تەنفیذی .

٤ـ بریاردانی دەست پێ کردنەوەو راوستانیشەرو ریکەوتن وپێك هاتن پاش پەسندکردنی لەلایەن بەشی زوری ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشەوە .

٥ـ پەسند کردنی حوکمی خنکاندن (اعدام)وە گورینی و کەم کردنەوەیحوکمەکانی تر یاهەلگرتني بەتەواوی .

٦ـ دەرکردني لێ بوردنی تایبەتی (العفو الخاص) وە پەسندکردنی لێ بووردني گشتی (العفو العام) کە لە لایەنئەنجومەن یامەکتەبیتەنفیذیەوە پێشنیاردە کرێت.

## مادە (١٢) :ـ

لەکاتێکدا سەروکی ئەنجومەنلەکوردستان دووربکەویتەوە

دەسەلاتەکانی : ــ

بینینی کیشەی حقوقیو کیشەی شەرعي لەکاتی نەبونی قازی شەرعداوە هەروەها ئەو کیشە سزاییانەش (القضایاالجزائیة) کە سزاکانیان لە دووسال بەندی تێ ناپەرێت . دادپرسی ئەوداد گایە سەرەرای ئەوەی کە دەسەلاتی دادپرسی سزایي پلەیەك یاندووی هەیە (الحاکم المنفرد بالاضافة الی صلاحیاتـه کحاکم جزا درجة اولی او ثانیة)هەروەها دەسەلاتی دادپرسی سەرەتایی دیار کراوی هـەیە (لە صلاحیة حاکم بداءة غیر محدودة اومحدودة) وە لەهەمان کاتدادادپرسی لیکولینەوەوسەروکی تەنفیذیشە(یکون فی نفس الوقت حاکما للتحقیقورئیس تنفیذ) .

٢ــ دادگای گەورە (المحکمة الکبری)

ئەمدادگایە پیك دێت لەسی٣ دادپرس بەمەرجێك سەروك ویەکیك لە ئەندامانی حقوقی بن . دەسەلاتی ئەم دادگایە بینینی هەمو کیشەیەکی سزاییەکە ماوەی بەندیەکەی لەدووسال زیاتر بیت هەروەها دادگای تێ هەلچونەوەیە (محکمة استئناف) بەنیسبەت بریارەکانی دادگای یەك دادپرس (بالنسبه لقرارات المحاکم ذات الحاکم المنفرد) .

٣ــ دادگای یەك لاکردنەوە (محکمة التمییز) : ــ

ئەم دادگایە بەرزترین دەزگای دادپەروەریە لە شورشدا وپیك دیت لە سەروكودوو ئەندام بەلای کەمەوە کەلەلایەنمەکتەبی تەنفیذیەوە دادەنرین وەلە کیشەی شەرعیدا (فی القضایا الشرعیه) ئەندامێك یا زیاتر لە خاوەن بیرو زانا لە کاروباری شەرعیدا بەشداردەکرین ئەوانەش سەروکیدادگا هەلیاندەبژیری . ئەم دادگایە راستەو خو پەیوەندی هەیە بە مەکتەبی تەنفیذیەوە .

یان نەتوانیت بە ئەرکەکانی سەرشانی هەلبستیت لەبەر هەرهویەك بیت مەکتەبی تەنفیذی دەسەلاتەکانی ئەو بەکار دەهینیت .

## مادە (١٣) : ـ

لەکاتی چول بوونی شوێنی سەروك لەبەر هەر هویەك بێت مەکتەبی‌تەنفیذی ئیشوکارەکانی ئەودە گریتە دەست تاسەروکێکی تازەهەلدەبژێردریت لەماوەیەکدا کەلە (٣)مانگ‌تێ نەپەریت.

## مادە (١٤) :ـ

ئەنجومەن هەل ناوەشێنریتەوە تا $\frac{٢}{٣}$ ی ئەندامانی پەسندی نەکەن .

## «دادپەروەری»

## مادە (١٥) : ـ

دادگالەکوردستاندا سەربەخویی تەواویان هەیە لەهەموو کاروباریکیاندا .

## مادە (١٦) : ـ

بەشی دادپەروەري سەرچاوەیە بۆسەرپەرشتی کردن‌وچاوەدێری دادگا جوربەجورەکان لەبارەي پەیرەوی کردنی یاساو پەیرەوەوە (لتطبیق القوانین‌والانظمة).

## مادە (١٧) : ـ

دادگالەکوردستاندا سێ ٣ پلەیە :ـ
١ـ دادگای یەك‌دادپرس (المحاکم ذات‌الحاکم المنفرد)



دەسەلاتەکانی : ـ

بینینی کیشەی حقوقی‌و کیشەی شەرعي‌لەکاتی نەبونی‌قازی شەرعداوە هەروەها ئەو کیشە سزاییانەش (القضایاالجزائیة) کە سزاکانیان لە دووسال بەندی تێ ناپەرێت . دادپرسی‌ئەودادگایە سەرەرای ئەوەی کە دەسەلاتی دادپرسی سزایي پلەیەك یان‌دووی هەیە (الحاکم‌المنفرد بالاضافة الی صلاحیاتە کحاکم جزا درجة اولی او ثانیة)هەروەها دەسەلاتی دادپرسی سەرەتایی دیارکراوی هـەیە (لەصلاحیة حاکم‌بداءة غیر محدودة اومحدودة) وە لەهەمان کاتدادادپرسی‌لیکولینەوەوسەروکی‌تەنفیذیشە(یکون فی نفس الوقت حاکما للتحقیق‌ورئیس تنفیذ) .

٢ـ دادگای گەورە (المحکمة الکبری)

ئەم‌دادگایە پیك دێت لەسی٣ دادپرس بەمەرجێك سەروك ویەکیك لە ئەندامانی حقوقی بن . دەسەلاتی ئەم دادگایە بینینی هەمو کیشەیەکی سزاییەکە ماوەی بەندیەکەی لەدووسال زیاتر بیت هەروەها دادگای تێ هەلچونەوەیە (محکمة استئناف) بەنیسبەت بریارەکانی دادگای یەك دادپرس (بالنسبە لقرارات المحاکم ذات الحاکم المنفرد) .

٣ـ دادگای یەك لاکردنەوە (محکمة التمییز) : ـ

ئەم دادگایە بەرزترین دەزگای دادپەروەریە لە شورشدا وپیك دیت لە سەروك‌ودوو ئەندام بەلای کەمەوە کەلەلایەن‌مەکتەبی تەنفیذی‌یەوە دادەنرین وەلە کیشەی شەرعیدا (فی القضایا الشرعیە) ئەندامێك یا زیاتر لە خاوەن بیرو زانا لە کاروباری شەرعیدا بەشداردەکرین ئەوانەش سەروکی‌دادگا هەلیان‌دەبژێری . ئەم دادگایە راستەو خو پەیوەندی هەیە بە مەکتەبی تەنفیذی‌یەوە .

**ماده (١٨) :ـ**

بو مه كته‌بی ته‌نفیذی هه‌یه داد گای تایبه‌تی (محاكم خاصة) پێك بهێنیت له كاتی پیویستیـدا .

**ماده(١٩) :ـ**

داد گای شه‌رعی ته‌نها كیشه‌ی شه‌رعی ده‌بینی .

**ماده (٢٠) :ـ**

داد گا به‌پێ‌ی ئه‌م یاسایانه‌ی‌خواره‌وه ره‌فتارده كه‌ن :ـهه‌ر یه كه‌یان به گوێره‌ی‌ده‌سه‌لاتیان:ـیاسای‌سزای بغدادی(ق.ع.ب) وه‌یاسای سوپای عیراقی (قانون العقوبات العسكری العراقی) وه یاسای اصولی محاكه‌ماتی جه‌زائی وه‌له‌وتاوانانه‌ی كه‌دژي شورش ده كریت ئه‌حكامی ده‌ره‌ی ١٢و ١٣ (الباب الثانی عشر والثالث‌عشر) ده‌چه‌سپینرێت‌له گه‌ل گورینی‌ووشه‌ی(میری عیراق) به‌شورشی كوردستان له هه‌موو شوینێكدا ئه‌و ووشه‌یه دێت . وه له كیشه مه‌ده‌نیه كاندا ره‌فتار به‌یاسای مه‌ده‌نی وه‌اصولی مرافعاتی مه‌ده‌نی‌و تجاری عیراقی ده كریت هه‌روه‌ك له داد گاكانی عیراـ قدا ره‌فتاریان پێ ده كرێت هه‌روه‌ها هه‌موو یاسایه‌كی عیراقی تر به‌مه‌رجێك بگونجێت له گه‌ل ئامانجه كانی شورش‌وه به پیچه‌واـ نه‌ي ئه‌ویاسایانه‌ش نه‌بیت كه شورش ده‌ری ده كات . به‌لام له كیشه‌ی شه‌رعیدا ره‌فتار به‌یاسای ئه‌حوالی شه‌خصی ژماره ١٨٨ سالی ١٩٥٩ ده كریت وه‌ئه‌گه‌ر كیشه‌یه‌ك یاداوایه‌ك به‌پێ‌ی ئه‌ویاسایه جیگیر نه‌بوو وا به پێ‌ی‌شه‌ریعه‌تی ئیسلامی پیروز چاـ ره‌سه‌ر ده كریت . هه‌روه‌ها په‌یره‌وی ئه‌و یاسایانه‌ش ده كریت كه شورش ده‌ری ده كات .



**ماده (٢١) :ـ**

به‌شی دادپه‌روه‌ری له‌مه كته‌بی ته‌نفیذي په‌یره‌و ئاموژگاری (الانظمة والتعلیمات) ده‌ر ده كات بو ریكخستنی كاروباری‌داد ـ گـاكـان .

**« ئیداره »**

**ماده (٢٢) :ـ**

ئه‌نجومه‌نیان مه كته‌بی ته‌نفذی یاساو په‌یره‌و داده‌نیت بو ریكخستنی كاروباری‌ئیداره له كوردستاندا له‌كاتی‌پێویستیدا .

**« دارایی »**

**ماده (٢٣) :ـ**

١ـ له ناو مه كته‌بی ته‌نفیذیدا به‌شیكی دارایی (قسم مالی) پیك‌دیت بو ریكخستن‌و سه‌رپه‌رشتی كردنی كاروباری دارایی له شورشدا وه گه‌شه‌پیدانی داهات‌وده‌ست كه‌وت وه دیار كردنی جوری سه‌رف كردنی سامانی شورش ، له‌كاتی پیویستیدا ئه‌و به‌شه په‌یره‌وو ئاموژگاری ده‌ر ده‌كات بو ئه‌و مه‌به‌سته .

٢ـ به‌شی دارایی لیژنه‌یه‌كی تایبه‌تی خـاوه‌ن بیروزانـا ( من ذوی الخبرة ) پیك دینیت بو هه‌لسـوراندنی كاروباری زه‌وی وزاری میری وئیصلاحی زراعی به تایبه‌تی ئه‌و زه‌ویانه‌ی كه ده‌ستی به سه‌ر داگیراوه وه ریگا دوزینه‌وه بو به‌رهه‌م هینانی به شیوه‌یه‌كی ئه‌وتو كه به‌رژه‌وه‌ندی شورش‌و هاونیشتمانیه‌كانی تیدا بیت به تایبه‌تی چینی چه‌وساووه .

## « کاروباری سیاسی »

**ماده (٢٤) :-**

ئاراستە کردنو ریکخستنی سیاسەتی ناوو خوو دەرەوەی شورش لە ئەستوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەو مەکتەبی تەنفیذی بەسەرپەرشتی کردنی سەرکردەی گشتی شورش .

## « کاروباری سوپایی »

**ماده (٢٥) :-**

لەناو مەکتەبی تەنفیذیدا بەشیکی سوپایی (قسم عسکری) پیك‌دیت بو ریکخستنو ئاراستە کردنی کاروباری سوپایی لە شورشدا وە پیشخستنی سوپای شورشگیری کوردستان لە هەموو روویەکەوە. ئەم بەشە پەیرەوو ئاموژگاریو فەرمان دەر دەکات بو ئەو مەبەستەی سەرەوەوەپاش راویژ کردن لە گەل مەکتەبی تەنفیذیو سەرکردەی گشتی شورش .

## « خزمەتی کومەلایەتی »

**ماده (٢٦) :-**

١- لەناو مەکتەبی تەنفیذیدا بەشیکی خزمەتی کومەلایەتی پیك‌دیت بو بەریوەبردنی هەموو کاروباریکی تەندروستیو زانیاریو بەربەرەکانی نەخویندەواری وە هەموو جورە کاروباریکی کومەلایەتی تر وە پەرەپیدانو پیشخستنیو بلاوکردنەوەی بو هەمو ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان .

٢- هەموو دەزگا جور بە جورەکانی شورش هاوکاریو پالپشتی ئەم بەشەدەکەن لەوکارە مروڤایەتیەی دا ( فی عمله الانسانی ) .